# ژیانی پێغەمبەر نوح

**لە تەورات، سیپاری پەیدابوون، بەشی ٥-٩**

پەیدابوون **٥: ٢٨-٣٢**

لە دایک بوونی نوح

کاتێک لامەک تەمەنی سەد و هەشتا و دوو ساڵ بوو، کوڕێکی بوو. ناوی لێنا (نوح)، وتی: (ئەمە لە کار و ماندووبوونی دەستمان دڵنەواییمان دەکات، بەدەست ئەو زەوییەی پەروەردگار نەفرەتی لێکردووە.) دوای لەدایکبوونی نوح، لامەک پێنج سەد و نەوەد و پێنج ساڵ ژیا و کوڕ و کچی دیکەشی بوو. جا هەموو ڕۆژانی ژیانی لامەک حەوت سەد و حەفتا و حەوت ساڵ بوو، ئیتر مرد. ئەمانەش نەوەکانی نوحن: نوح پیاوێکی سەرڕاست و بێگلەیی نێو خەڵکانی سەردەمی خۆی بوو. نوح لەگەڵ خودا هاتوچۆی دەکرد. دوای ئەوەی نوح تەمەنی پێنج سەد ساڵ بوو، (سام) و (حام) و (یافەت)ی بوو.

پەیدابوون **٦: ١١-١٢ و ٥-٩** نوح لەگەڵ خودا هاتوچۆی دەکرد

زەویش لەبەردەم خودادا گەندەڵ بوو و پڕیش بوو لە توندوتیژی. خودا بینی زەوی چەند گەندەڵ بووە، چونکە هەموو مرۆڤێک ڕێگای خۆی لەسەر زەوی گەندەڵ کردبوو. پەروەردگار بینی کە خراپەکاری مرۆڤ لەسەر زەوی زۆر بووە، هەروەها هەموو بیر و بۆچوونەکانی دڵیشی بە درێژایی ڕۆژ تەنها لەلای خراپەیە. پەروەردگار خەفەتبار بوو کە مرۆڤی لەسەر زەوی دروست کردبوو، هەروەها دڵگرانیش بوو. ئینجا پەروەردگار فەرمووی: (مرۆڤەکان دەسڕمەوە، ئەوەی لەسەر ڕووی زەوی دروستم کرد، مرۆڤ و ئاژەڵ و بوونەوەری خشۆک و باڵندەی ئاسمان، چونکە خەفەت دەخۆم لەوەی کە دروستم کردوون.) بەڵام نوح لەبەرچاوی پەروەردگار ڕەزامەندی بەدەست هێنابوو...نوح پیاوێکی سەرڕاست و بێگلەیی نێو خەڵکانی سەردەمی خۆی بوو. نوح لەگەڵ خودا هاتوچۆی دەکرد.

پەیدابوون **٦: ١٣-٢١** خودا ئاوی لافاو بەسەر زەویدا دەهێنێت

ئینجا خودا بە نوحی فەرموو: (من کۆتایی بە بوونی هەموو ئادەمیزاد دەهێنم، چونکە بەهۆی ئەوانەوە زەوی پڕ بووە لە توندوتیژی. ئەوەتا لەگەڵ زەویدا لەناویان دەبەم. کەشتییەک بۆ خۆت لە دارسەروو دروست بکە، کەشتییەکە بکە لانە و بە قیر دیوی ناوەوە و دەرەوەی سواخ بدە. ئاواش دروستی دەکەیت: سێ سەد باڵ درێژی کەشتییەکە بێت و پەنجا باڵ پانی بێت و سی باڵیش بەرزی بێت. بە ئەندازەی باڵێک بۆشایی لەسەر کەشتییەکە بانێکی بۆ دروست دەکەیت و کەشتییەکە تەواو دەکەیت. دەرگای کەشتییەکەش لە تەنیشتەوە دادەنێیت. کەشتییەکە دەکەیتە سێ نهۆم، خوارەوە و ناوەڕاست و سەرەوە. ئەوەتا من ئاوی لافاو بەسەر زەویدا دەهێنم، بۆ لەناوبردنی هەموو ژیانێک لە ژێر ئاسماندا، هەروەها هەموو زیندەوەرێک کەوا هەناسەی ژیانی تێدایە. هەرچییەک لەسەر زەوییە لەناودەچێت. بەڵام من پەیمانی خۆم لەگەڵ تۆ دەچەسپێنم. تۆ دەچیتە ناو کەشتییەکەوە، خۆت و کوڕەکانت و ژنەکەت و بووکەکانیشت لەگەڵت. لە هەموو بوونەوەرێکی زیندوو، نێر و مێ، جووتێک لەگەڵ خۆت دەهێنیتە ناو کەشتییەکەوە، بۆ هێشتنەوەیان بە زیندوویی. جووتێک لە هەموو جۆرێک لە جۆرەکانی باڵندە و لە جۆرەکانی ئاژەڵ و لە جۆرەکانی بوونەوەرە خشۆکەکانی زەوی دێنە لات، بۆ هێشتنەوەیان بە زیندوویی. تۆش بۆ خۆت هەر خۆراکێک کە دەبێت بخورێت ببە و لەلای خۆت کۆی بکەوە تاکو بۆ خۆت و بۆ ئەوان ببێتە خواردەمەنی.) جا نوح هەموو ئەوەی خودا فەرمانی پێ کردبوو، ئەنجامی دا.

پەیدابوون ٧: ١-٢٤

ئینجا پەروەردگار بە نوحی فەرموو: (خۆت و هەموو خێزانەکەت، برۆنە ناو کەشتییەکەوە، چونکە لەم نەوەیەدا تۆم بە ڕاستودروست بینیوە لەبەردەمم. لە هەموو جۆرێک لە ئاژەڵە پاکەکان، نێر و مێ، حەوت جووت لەگەڵ خۆت دەبەیت، لەو ئاژەڵانەی پاک نین، نێرینەیەک و مێیەکەی، جووتێک دەبەیت. لە باڵندەکانی ئاسمانیش حەوت جووت، لە نێر و مێیان، بۆ هێشتنەوەی وەچەکانیان لەسەرتاسەری ڕووی زەوی. چونکە دوای حەوت ڕۆژی دیکە، چل ڕۆژ و چل شەو باران بەسەر زەوی‌دا دەبارێنم. هەموو ئەو بوونەوەرە زیندووانە لەسەر ڕووی زەوی دەسڕمەوە کە دروستم کردوون.) نوح هەموو شتێکی ئەنجام دا، بەپێی ئەوەی پەروەردگار فەرمانی پێ‌دا.

تەمەنی نوح شەش سەد ساڵ بوو کە ئاوی لافاو لەسەر زەوی هەڵستا. نوح خۆی و کوڕەکانی و ژنەکەی و بووکەکانی پێش ئاوی لافاوەکە چوونە ناو کەشتییەکەوە. لە ئاژەڵە پاکەکان و ئاژەڵە ناپاکەکان، لە باڵندەکان و هەموو ئەو بوونەوەرانەی بە زەوی‌دا دەخشێن، جووت جووت لە نێر و مێ، هاتنە ناو کەشتییەکەوە بۆ لای نوح، هەروەک چۆن خودا فەرمانی بە نوح دابوو. دوای حەوت ڕۆژەکە ئاوی لافاوەکە هاتە سەر زەوی.

لە ساڵی شەش سەدەمینی ژیانی نوح، لە حەڤدەمین ڕۆژی مانگی دووەمدا، ئا لەو ڕۆژەدا هەموو سەرچاوەکانی قووڵایی مەزن تەقینەوە و دەروازەکانی ئاسمانیش کرانەوە. بارانیش چل ڕۆژ و چل شەو بەسەر زەوی‌دا باری.

هەر لە هەمان ڕۆژدا نوح و کوڕەکانی، سام و حام و یافەت، پێکەوە لەگەڵ ژنەکەی و هەر سێ بووکەکەی، چوونە ناو کەشتییەکەوە. لەگەڵیان‌دا هەموو ئاژەڵە کێوییەکان بەپێی جۆریان و هەموو ئاژەڵەماڵییەکان بەپێی جۆریان و هەموو بوونەوەرە خشۆکەکانی بەسەر زەوی‌دا دەخشێن بەپێی جۆریان و هەموو باڵندەیەک بەپێی جۆریان و هەموو باڵدارێک. جووت جووت لە هەموو بوونەوەرێک کەوا گیانی زیندووی تێدابوو چوونە ناو کەشتییەکە، بۆ لای نوح. ئەوانەی دەهاتنە ناوەوە لە نێر و مێی هەموو گیاندارێکی زیندوو بوون، وەک چۆن خودا فەرمانی بە نوح دابوو. ئینجا پەروەردگار لە دوایەوە دەرگای کەشتییەکەی داخست.

لافاوەکە بۆ ماوەی چل ڕۆژ بەردەوام لەسەر زەوی بوو. کاتێک ئاو زۆر بوو کەشتییەکەی هەڵگرت، ئیتر کەشتییەکە لە زەوی بەرز بۆوە. ئاو لەسەر زەوی بەرز بۆوە و گەلێک زۆر بوو، کەشتییەکەش لەسەر ڕووی ئاوەکە دەڕۆیشت. ئاو لەسەر زەوی زۆر بەرز بۆوە تاوەکو هەموو شاخە بەرزەکانی ژێر هەموو ئاسمان داپۆشران. بە بەرزی پازدە باڵ ئاو لەسەر شاخەکان بەرز بۆوە، شاخەکانیش داپۆشران. ئیتر هەموو شتێکی زیندوو کە لەسەر زەوی دەجووڵایەوە لەناوچوو، لە باڵندە و ئاژەڵی ماڵی و ئاژەڵی کێوی و هەموو ئەو پۆلە زیندەوارانەی بەسەر زەوی‌دا دەجووڵانەوە و هەموو ئادەمیزادیش. هەر شتێک لەسەر وشکایی کەوا هەناسەی ڕۆحی ژیان لە لووتی‌دا بوو، مرد. هەموو شتێکی زیندوو لەسەر ڕووی زەوی سڕایەوە، مرۆڤ و ئاژەڵ و بوونەوەرە خشۆکەکان و هەموو باڵندەکانی ئاسمانیش، لە زەوی سڕانەوە. تەنها نوح و ئەوانە مانەوە کە لە کەشتییەکەدا لەگەڵی‌دا بوون. ئاوی لافاویش سەد و پەنجا ڕۆژ لەسەر زەوی بوو.

پەیدابوون ٨: ١-٢٢

ئینجا خودا نوحی هاتەوە یاد، لەگەڵ هەموو ئاژەڵە کێوییەکان و هەموو ئاژەڵە ماڵییەکان کە لە کەشتییەکەدا لەگەڵی بوون. ئیتر خودا بایەکی بەسەر زەوی‌دا هەڵکرد و ئاو کەم بۆوە. سەرچاوەکانی قوڵایی و دەروازەکانی ئاسمان داخران. بارانیش لە ئاسمانەوە وەستا. ئاو بەرەبەرە لە زەوی بەرەو دواوە گەڕایەوە. دوای سەد و پەنجا ڕۆژ ئاو کەم بۆوە. لە حەڤدەی مانگی حەوت‌دا کەشتییەکە لەسەر چیاکانی (ئەرارات) گیرسایەوە. تا مانگی دەیەم تا دەهات ئاو

کەمی دەکرد. لە یەکەم ڕۆژی مانگی دەیەمدا لووتکەی شاخەکان دەرکەوتن.

دوای چل ڕۆژ، نوح ئەو پەنجەرە بچووکەی کردەوە کە لە کەشتییەکەدا کردبووی. ئینجا قەلەڕەشێکی نارد. ئەویش دەهات و دەچوو تاکو ئاو لە ڕووی زەوی وشک بۆوە. پاشان کۆترێکی نارد تا ببینێت ئایا ئاوەکە لە ڕووی زەوی کەمی کردووە. بەڵام کۆترەکە شوێن پێیەکی بۆ خۆی نەدۆزیەوە، چونکە ئاو لەسەر هەموو ڕووی زەوی بوو، ئیتر گەڕایەوە لای نوح بۆ کەشتییەکە. ئەویش دەستی بۆ ڕاگرت و گرتی و بردیەوە لای خۆی، بۆ ناو کەشتییەکە. حەوت ڕۆژی دیکە چاوەڕێی کرد و دیسان کۆترەکەی لە کەشتییەکەوە ڕەوانە کرد. کۆترەکە ئێوارە گەڕایەوە بۆ لای، ئەم جارەیان گەڵایەکی تەڕوتازەی زەیتوونی بە دەنووکەوە بوو. نوح زانی کە ئاو لە ڕووی زەوی کەمی کردووە. حەوت ڕۆژی دیکە چاوەڕێی کرد و جارێکی دیکە کۆترەکەی ناردەوە، بەڵام ئەم جارەیان کۆترەکە نەگەڕایەوە لای.

نوح لە یەکی مانگی یەکەمی شەش سەد و یەکەمین ساڵیدا بوو، کە ئاو لە زەوی وشک بووەوە. نوح پۆشاکی سەر کەشتییەکەی لابرد و بینی ئەوەتا ڕووی زەوی وشک بۆتەوە. جا لە بیست و حەوتی مانگی دووەمدا زەوی بە تەواوی وشک بووەوە.

ئینجا خودا بە نوحی فەرموو: (لە کەشتییەکە وەرە دەرەوە، خۆت و ژنەکەت و کوڕەکانت و بووکەکانت. هەموو ئەو گیاندارانەی لەگەڵتن، لە باڵندە و ئاژەڵ و هەموو ئەو بوونەوەرە خشۆکانەی بە زەویدا دەخشێن. لەگەڵ خۆت بیانهێنە دەرەوە، با زەوی پڕ بکەنەوە و بەردار بین و لەسەر زەوی زۆر بین.)

جا نوح خۆی و کوڕەکانی و ژنەکەی و بووکەکانی لەگەڵیدا هاتنە دەرەوە. هەموو گیاندارەکانیش بە هەموو بوونەوەرە خشۆکەکان و هەموو باڵندەکان و هەموو ئەوانەی بە زەویدا دەبزوێن، بەپێی جۆرەکانیان لە کەشتییەکە هاتنە دەرەوە.

نوح قوربانگەیەکی بۆ پەروەردگار دروستکرد و لە هەموو ئاژەڵە پاکەکان و لە هەموو باڵندە پاکەکانی هێنا و لەسەر قوربانگەکە کردنی بە قوربانیسووتاندن. جا پەروەردگار بە بۆنەکە ڕەزامەند بوو و لە دڵی خۆیدا فەرمووی: (جارێکی دیکە بەهۆی مرۆڤەوە نەفرەت لە زەوی ناکەم، چونکە مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە دڵی مەیلی خراپەکاری هەیە. جارێکی دیکە نایەم هەرچی بوونەوەری زیندوو هەیە لەناوی ببەم، وەک چۆن کردم.

تاکو زەوی بمێنێت، چاندن و دروێنە،
ساردی و گەرمی، هاوین و زستان،
ڕۆژ و شەو، هەرگیز وەستانی نابێت.)

**پەیدابوون ٩: ١-١٧** پەیمانی خودا لەگەڵ نوح و نەوەی دواییدا

ئیتر خودا نوح و کوڕەکانی بەرەکەتدار کرد و پێی فەرموون: (بەردار بن و زۆر بن و زەوی پڕ بکەن. با ترس و سامی ئێوە بەسەر هەموو گیانەوەرانی زەوی و هەموو باڵندەکانی ئاسمان و بەسەر هەموو ئەوانەدا ببێت کە لەسەر زەوی دەخشێن، بەسەر هەموو ماسییەکانی دەریاشدا، ئەوان خراونەتە بەردەستی ئێوە. هەموو ئەوانەی گیاندارن و دەبزوێن دەبنە خۆراک بۆتان: هەروەک چۆن ڕووەکی سەوزم پێ داون، ئێستا هەموو شتێکتان پێ دەدەم.
(بەڵام نابێت گۆشتێک بخۆن کەوا هێشتا زیندووە، واتا کە خوێنی تێدابێت. بۆ خوێنی ژیانتان، بێگومان لێپرسینەوە دەکەم، بەهۆی هەر گیاندارێک بێت لێپرسینەوە دەکەم. هەروەها بە دەستی مرۆڤ لەسەر گیانی مرۆڤی برای لێپرسینەوە دەکەم.

هەر کەسێک خوێنی مرۆڤ بڕێژێت، بە دەستی مرۆڤ خوێنی دەڕژرێتەوە،
چونکە خودا لەسەر شێوەی خۆی مرۆڤی دروستکردووە. (پەیدابوون **١: ٢٦**)

ئێوەش بەردار بن و زۆر بن، زەوی پڕ بکەن و زۆر بن تێیدا.)

خودا بە نوح و بە کوڕەکانی فەرموو کە لەگەڵیدا بوون: (ئەوەتا پەیمانی خۆم لەگەڵ ئێوە و نەوەی دوای ئێوەدا دەچەسپێنم، لەگەڵ هەموو ئەو گیاندارانەی کە لەگەڵ ئێوەدان، باڵندەکان و ئاژەڵە ماڵییەکان و هەموو ئاژەڵە کێوییەکان، هەموو ئەو گیاندارانەی لەگەڵتان دان و لە کەشتییەکە هاتوونەتە دەرەوە، هەرچی گیانداری سەر زەویش هەیە. من پەیمانی خۆم لەگەڵ ئێوە دەچەسپێنم، هەرگیز جارێکی دیکە، هەرچی لەش هەیە بە ئاوی لافاو لەناو ناچێت. هەرگیز جارێکی دیکە نابێت لافاو زەوی وێران بکات.)

ئینجا خودا فەرمووی: (ئەمەیە نیشانەی ئەو پەیمانەی لەنێوان خۆم و ئێوە و گشت ئەو گیاندارانەی لەگەڵتان دان دەیبەستم، پەیمانێکە بۆ گشت نەوەکانی داهاتوو. وا پەلکەزێڕینەی خۆم لە هەورەکاندا داناوە، ئەوەش دەبێتە نیشانەی پەیمانەکەی نێوان من و زەوی. جا هەر کاتێک هەورم بەسەر زەویدا هێنا و پەلکەزێڕینە لە هەورەکاندا دەرکەوت، پەیمانەکەم لەنێوان خۆم و ئێوە و هەموو گیانێکی زیندوو لە هەموو جۆرێک دێتەوە یاد. هەرگیز جارێکی دیکە ئاو لافاوێکی وا دروست ناکات کەوا هەموو ژیانێک لەناو ببات. جا هەر کاتێک پەلکەزێڕینە لە هەورەکاندا بێت، دەیبینم و پەیمانێکی تاهەتایی کە لەنێوان خودا و هەموو گیانێکی زیندووە لە هەموو جۆرێک کە لەسەر زەوی دایە، دێتەوە یادم.)

ئینجا خودا بە نوحی فەرموو: (ئەمە نیشانەی ئەو پەیمانەیە کە لەنێوان خۆم و هەموو ژیانێک کە لەسەر زەوی دایە چەسپاندم.)

پیەدابوون **٩: ١٨** کوڕانی نوح

جا کوڕانی نوح کەوا لە کەشتییەکە هاتنە دەرەوە، سام و حام و یافەت بوون. حام باوکی (کەنعان) بوو. ئەمانە سێ کوڕەکەی نوح بوون، لەمانەوە هەموو زەوی بڵاو بۆوە.

پیەدابوون **٩: ٢٨-٢٩** مردنی نوح

دوای لافاوەکە نوح سێ سەد و پەنجا ساڵ ژیا. جا هەموو ڕۆژانی ژیانی نوح نۆ سەد و پەنجا ساڵ بوو، ئیتر مرد.